## بڕیار

## ژمارە ( ٧ ) سالی ٢٠٠٩

بە پێی دەسەلاَتمان کە لە خالی (٢)ی بڕگەی "یەکەم"ی ماددەی "دەیەم "ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (١) سالَی ٢٠٠٥ ی هەموارکراودا هاتووە بڕیارماندا یاسایی ژمارە (٢) سالی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق ژمارە ( ١ ) سالَی ١٩٩٢ی هەموارکراوکە ئەنجومەنی نیشتمانی کورستان-عێراق لە دانشتنی نائاسایی ژمارە(٣) لە ١٢ / ٢ /٢٠٠٩ تەشریعی کردووە و بە نوسراوی ژمارە ( ٢٦٣/٣/٤ ) لە ١٥/ ٢ /٢٠٠٩ نێردراوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ پێداچوونەوەی لەبەر ئەم خالاَنەی لای خوارەوە:

١- لە ماددەی چوارەمدا دەستەواژەی (فئە) (دەستە) روون نییە و پێناسە نەکراوە. بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین دەستەواژەی ((قەوارەی سیاسی))((کیان سیاسی)) بەکاربهێنرێت لە جیاتی دەستەواژەی ( حزب او فئە ) هەر وەك یاسای کۆمسیۆنی بالاَی هەلَبژارنەکان ژمارە ( ١١ ) سالَی ٢٠٠٧ لە ماددەی چواریدا بەکاری هێناوە.

٢ - ماددەی حەوتەم دەسەلاَتی تەواوی داوەتە کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆ بۆ هەلَبژارنەکان کە هەلَسێت بە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی هەلَبژاردنی خولی هەلَبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وگشت سیستەم ورێنماییە تایبەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پروسەی هەلَبژاردنیدا لە لایەکەوە و لەولاشەوە بە تەواوی رۆلی دەستەی هەلَبژادنەکانی هەرێمی کوردستان کە رێکخراوێکی هەرێمیی سەر بە کۆمسیۆنی بالاَی سەربەخۆیە بۆ هەلَبژاردنەکان پشتگێو خستووە لە کاتێکدا یاسای کۆمسیۆنی بالاَی ناوبراو لەسەر رۆشنایی سیستەمی فیدرالی لە عیراقداو

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
اقليم كوردستان
الرئيس

ناسینی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدرالی تایبەتمەند دەسەڵاتی داوەتە دەستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە برگەی (٤)ی ماددەی (٢)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان هەڵسێت بە ئەرکی بەڕێوەبردن و رێکخستنی هەڵبژاردنی هەرێمی و ناوچەییەکان کە تایبەتن بە هەرێم لە ژێر سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵادا.

بۆیە پێشنیار دەکەیْن ئەو دەسەڵاتانەی لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا دراون بە دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەم یاسایەشدا پێی بدرێنەوە تاوەکو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستانی تایبەت بە هەریم و بە یاسای پەرلەمانی کوردستان دادەمەزرێت.

لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردنەکان ((لجان المراكز الانتخابیه)) ئەو کۆنوسەی رێکی دەخەن دەربارەی دەنگدان وهاوپێچ گشت بەڵگە تایبەتەکان بە پروسەی هەڵبژاردنەکە دەخەنە زەرفێکەوە وبە مۆری خۆیان مۆری دەکەن و دەینێرن بۆ کۆمسیۆنی باڵا نەك بۆ دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەر وەکو لە ماددەی ( ٣٥ )ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق ژماە ( ١ ) سلی ١٩٩٢ ی هەموارکراودا هاتووە .

هاوکات پێشنیار دەکەین دەستەواژەی ((دەربارەی ئەنجامەکانی دەنگدان)) لە هەمان ماددەدا بگۆرێت بۆ ((دەربارەی ژماردنی دەنگەکان)) چونکە ئەنجامەکان دواتر ولە لایەن ئورگانی ترەوە رێکدەخرێن وبلاو دەکرێنەوە.

٣ - پرۆژە یاساکە مەسەلەی سکاڵای چارەسەر نەکردووە کە زۆر لێڵ و لاوازە: بۆیە پێشنیار دەکەین بەم جۆرە لە یاساکەدا بچەسپێت:

١- دەستەی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەیە چارەسەری هەر ناکۆکییەك بکات کە لەکاتی ئامادەکاری وجیبەجێی کردنی پروسەی هەڵبژاردندا لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵدەدەن.

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

٢- دادگای تەمیزی کوردستان دەستەیەک لە سێ دادوەر پێکدەهێنێت و دەسەڵاتی پێ دەدات سەیری ئەو تانانە بکات کە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە هەواڵەی دەکرێت ویان لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەوە کە راستەوخۆ توشی زیان بوون دەرئەنجامی بریارەکانی دەستە.

٤ -پێشینار دەکەین یاساکە ماف بداتە ئەو هاوولاتیە عێراقیانەی دانشتوانی کوردستانن لە بنەڕەتداو ئێستا لەدەرەوەی وڵاتن بەشداری هەڵبژاردن بکەن.

٥ -پێشنیار دەکەین یاساکە رێگا بدات بەگشت دەنگدەرانی سەر بە هێزەکانی پۆلیس وئاسایش وسوپاو پاسەوانی هەرێم وکارمەندان وخزمەتکوزارانی نەخۆشخانەکان و وبەندیخانەکان پێش رۆژی هەڵبژاردن دەنگی خۆیان بدەن.

هیوادارین بتوانن بە زوترین کات چاوبخشێنن بەم پێشنیارانەدا تاوەکو ئامادەسازییەکانمان بۆ ئەنجامدانی پروسەی هەڵبژادن بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەم چەند مانگەی داهاتوودا تەگەرەی تێ نەکەوێت وسەرکەوتو بێت.

مسعود بارزانـــی
سەرۆکـــی هەرێمی کوردستان-عێراق

هەولێر
٢٠٠٩/٢/٢٢